# رۆژمێری شێتێک

جەماڵ نەجاری

**(شەممەی تەنیا)**

رقم لە شەممەی پێنجەو زۆر شتی دیش، لەوانە ئاوێنەو پیاو و تەنانەت باخچەش. قەڵس دەبم، بەدیار ئەم گوتانەوە سەری خۆم هەڵدەگرم و روو لە دەرەوەی تەنیاییم دەکەم.

ناونیشانی من لە دوورترین گەڕەکی ئەم شارە وا هەڵکەوتووە، کە خۆشم بەزەخمەت دەیدۆزمەوە.

هەموو بەیانییەک بیر لە ئێوارە دەکەمەوەو ئێوارەش لەبەر دەرگای ماڵەوە چاوەڕوانی شەو دەکەم. وڵات رەش دەبێت و شەو نایەت، ئیتر خەوم لێدەکەوێت....

**(شەممەی یەک)**

بەیانی زوو لە دوورترین دووکانی شار ئاوێنەیەک دەکڕم، لە گەڕانەوەدا بیر لە سەفەر دەکەمەوە بەڵام نازانم بۆکوێ و بۆچی؟

هەمیشە بەخۆم دەڵێم: تۆ دەمێکە بەجێماوی لە سەفەرێکی بێ مەنزڵ، دەگریم و ژووربەژووری ماڵەکەم بۆنی گریانی لێ دێ. بیر لەخۆم ناکەمەوە، نەکا لە خۆبایی بم و خەڵکم لەبیر بچێتەوە.... تا بازاڕ دەچم و سەیری ژنی سەر عارەبانەو پیاوی سەر شەقام و منداڵی دەستفرۆش و تەنیایی خۆم دەکەم...

بەزەردەخەنەیەک دەگەڕێمەوە، بەزەحمەت ماڵی خۆم دەدۆزمەوە، لە کابرایەک دەپرسم: ببوورن، ئێوە ماڵی من پێدەزانن؟

وەکو ئەوەی پیشەی بەردەوامی بێت، دەستم دەگرێ و کۆڵان بەکۆڵان دەمگێڕێ، لەبەر ماڵێک دەوەستێ و دەڵێت: ئێرە ماڵی جەنابتە...

تازە دەزانم رەنگی دەرگاکەم شینە، بێ ئەوەی سوپاسی بکەم رادەکەمە ژوورەوەو ئاوێنەکە بەژووری تەنیاییم هەڵدەواسم.

**(شەممەی دوو)**

بەیانی زوو سەیرێکی ئاوێنە دەکەم و ئەو پیاوەی شێوەی من دەدات سەیرم دەکات. هەموو بەیانییەکی

شەممەی دوو بەدەنگی ئەو پیاوە وردەواڵە فرۆشەی ناو کۆڵان وەخەبەر دێم، بەپەلە دێمە دەرو لەبەردەرگا دەوەستم، سەیری ماڵی بەرانبەری خۆم دەکەم، کچێکی جوان و خشپیلانە بە دوو چاوی هێمن لەبەر دەرگا سوورەکەیان وەستاوە، لەنێوان من و ئەودا تەنیا کابرای وردەواڵەفرۆش هەیەو کەسی تر نا...

نازانم پێبکەنم یان بگریم، رادەکەمە ژوورەوەو لە بەرانبەر ئاوێنەی ژوورەکەم دەوەستم، سەیرێکی روخسارم دەکات و پێم دەڵێ: تۆ لە مانای عەشق دەگەی؟ منیش سەرێکی بۆ رادەوەشێنم و بەیەکەوە قاقا پێدەکەنین.

دووبارە رادەکەمە دەرەوە بەرانبەر دەرگا سوورەکە دەوەستم، کۆڵان لە تەنیاییدا بەجێماوە، تەنیا من دواکەوتووم...

نە کچە ماوە نە کابرای وردەواڵەفرۆشەکە....

**(شەممەی سێ)**

چیتر حەزناکەم باسی ئەو رۆژانە بنووسم کە پەیوەندییان بەشەممەی سێوە نییە، بۆیە هەوڵدەدەم لەمە بەدوا هەموو شەممەی سێ یەک تەنیا ئەو شتانە بنووسمەوە کە پەیوەندییان بەشەممەی سێوە هەیە، وەکو نووسین، دڕاندن و دووبارە نووسین.

یەک بەیەکی نووسینەکانم دەخوێنمەوە، گوێیان لێ رادەگرم، هەوڵدەدەم لە وشە بەوشەیان تێبگەم دواتر شەممەی سێ لام جوانترین رۆژ دەبێ، هەڵدەستم و خواردنێکی جوان دروست دەکەم، پڕی دەکەم لە وردە کاغەزو ئەوەندەیتر رۆژەکەم لە لا خۆشتر دەبێت.

جارێک لە ژنێکی گەڕەکی خۆمانم بیست، کە من رۆژی شەممەی سێ لەبەر خۆمەوە هەر دەخوێنمەوەو ئەوانیش ناچارن لە کۆڵان، لە بازاڕ، لە سەربان، لە هەر جێیەک بێت گوێم بۆ رادێرن، ئەوکات من لەخۆشیان نووسینەکانم دەخەمە بن باڵم و دەفڕم، ئیتر نازانم بۆ کوێ و بۆچی؟

**(شەممەی چوار)**

هیچ شتێک بەقەدەر تەنیایی بۆ پیاو ناخۆش نییە، لەم ماڵە چەند ژوورەدا بەردەوام بەشوێن خۆما دەگەڕێم و نایدۆزمەوە...

لە تەنیاییدا هەوڵدەدەم بیر لەوە بکەمەوە رەنگی رەش بۆ جوانە؟ ئەوەندە نوقمی ئەو بیرکردنەوەی خۆم دەبم، کە کاتژمێر دەگاتە ئێوارەو من بەهیچ ئەنجامێک ناگەم.

**(شەممەی پێنج)**

ئەوەندەم رق لەم رۆژە دەبێتەوە کە حەزناکەم وەخەبەر بێم، هەموو لەشم سست و بێ هێزە، دە ساڵ لەمەوبەر باوکم لە شەممەی پێنجدا مرد و من و دایکمی بەگریان بەجێهێشت، من هێشتا پێکەنین و گریانم لێک نەکردۆتەوە، ئێستاش نازانم شەممەی پێنج گریانم دێ یان پێکەنین، دایکیشم پێنج ساڵ دواتر لە شەممەی پێنجێکی رەش و تاڵتر مرد، من مامەوەو یەک دنیا تەنیایی، دەزانم خۆشم لە شەممەی پێنجێکی تاڵتر دەمرم و تەواو دەبم،...

کەسێک لەناو ئاوێنەکەی بەرانبەرم وەستاوەو زۆر شێوەی من دەدات، رەنگی مردوو بە روخسارییەوە دیارە، دەستی بۆ دەبەم، ئاوێنەکە بەردەبێتەوەو وردوخاش دەبێت و پیاوەکەش.....

لەت و کوتی پیاوەکە لەناو باخچەکەمدا چاڵ دەکەم و دەیشارمەوە...

**(هەینی ئاخر)**

دەڵێن ئەمڕۆ رۆژی پشوودانەو چوونە سەیران و لەم بەزمانەیە...

منیش هەموو هەینییەکی ئاخر لە ماڵەوە بەرانبەر باخچەکەم پشوودەدەم و بیر لە هیچ شەممەیەک ناکەمەوە....

**١٠ی خاکەلێوی ٢٠٠٧ی کوردی**

**تێبینی**

**ئەم چیرۆکە خەڵاتی دووەهەمی لە چوارەمین فستیڤاڵی شیعرو چیرۆکی(لاوان) لە سلێمانی وەرگرتووە**